بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

## هەرێمی کوردستانی عێراق
## سەرۆکایەتی هەرێم
## سەرۆك

بەناوی گەلەوە

## بڕیار
## ژمارە (39) ساڵی 2007

**یاسای هەموارکردنی یەکەمی جێبەجێ کردنی یاسای رێکخستنی موڵکایەتی کشتوکاڵی لە کوردستان ـ عێراق ژمارە(90)ی ساڵی 1975**

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی لە بڕگەی (1) ی ماددەی (10) ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (1)ی ساڵی 2005 ی هەموارکراو پێمان دراوەو، بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (23) لە 2007/11/19 بڕیارماندا بە دەرکردنی:

**یاسای ژمارە( 32 )ی ساڵی / 2007**

**یاسای هەموارکردنی یەکەمی جێبەجێ کردنی یاسای رێکخستنی موڵکایەتی کشتوکاڵی لە کوردستان ـ عێراق ژمارە(90)ی ساڵی 1975**

ماددەی یەکەم:

ماددەی هەشتەم لە یاسای ژمارە(90)ی ساڵی 1975 لە هەرێمی کوردستان هەمواردەکرێ و بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە:

**ماددەی هەشتەم:**

**یەکەم: هەموو زەویەکی کە تەسویەی تەواو نەبووبێ یا بڕیارەکانی چەسپاندنی مافی زەوی بەپێی یاسای چاکسازیی کشتوکاڵی پلەی کۆتایی وەرنەگرتبێ، ئەوا بە ئەمیری سرف دادەنرێ و ئەم زەویانەی خوارەوەیان لێ بەدەردەکرێ.**

**1-ئەو زەوییە کشتوکاڵی و باخانەی کە موڵکی سرفن بەپێی سەنەدی تاپۆ کە یاسا بە ڕەوای بزانێ.**

**2-ئەو زەوی و باخانەی کە بەتەواوی وەقف کراون بەپێی سەنەدی تاپۆ یان بەڵگەیەکی وەقفی کە یاسا بە ڕەوای بزانێ.**

**3-ئەو زەویانەی بە درەخت چاندراون بۆ ماوەیەك لە (10)دەساڵ کەمتر نەبێ وتێکڕای ژمارەی درەختەکانی لە دۆنمێکدا لە(40) چل درەخت کەمتر نەبێ.**

**4-ئەو زەوی و باخانەی کە بڕیاری ژمارە(702)ی ساڵی 1973ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی هەڵوەشاوە دەیانگرێتەوە.**

**دووەم: هەر کەسێکی گوتی مافی بەکارهێنانی زەوییەکی ئەمیری کشتوکاڵیم لەو ناوچانەدا هەیە کە تەسویە نەکرابێ یاخود تەسویەکەی تەواو نەبووبی، یاخود بڕیارەکانی چەسپاندنی مافی زەوییەکەی بەپێی یاسای چاکسازیی کشتوکاڵی ژمارە(117)ی ساڵی 1970 نەگەیشتبوونە پلەی قەتعی، یان ئەوانەی بڕیاری تەسویەکەیان هەڵوەشاوەتەوەو ئیسپات بوو بەپێی مامەڵەی کشتوکاڵی پێش جێبەجێ کردنی یاسای چاکسازیی کشتوکاڵیی ناوبراو بەکاری هێناوە، ئەوا ئەو رووبەرەی کە بەکاری هێناوە بەناوی دەوڵەت تۆماردەکرێ و مافی بەکارهێنان دەدرێت بە بەکارهێنەرەکە بە مەرجێك لەو رادەیە دەرنەچێت کە لە ماددەی دووەمی یاسای ژمارە(90)ی ساڵی 1975دا هاتووە. بەبێ دەسکاری کردنی ئەو مافانەی کە چەسپێنراون بەپێی بڕگەکانی (1، 2، 3، 4)ی بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیەدا هاتوون.**

سێیەم: وەزارەتی شارەوانی لێکۆڵینەوەیەکی گشتی ئامادەو پێشکەش دەکات بۆ بەیان کردن و دەستنیشان کردنی ئەو زەویانەی دەکەونە ناو ماستەر پلانی ئەو شارەوانییانەی کە حوکمەکانی ئەم یاسا دەیانگرێتەوە لە ماوەیەکدا کە لە شەش مانگ زیاتر نەبێ لە رۆژی جێبەجێ کردنیەوەو پرۆژەی یاسایەك بە چۆنیەتی قەرەبوو کردنەوەی خاوەنەکانیان بەپێی یاسا کارپێکراوەکان پێشکەش بکات.

مادەی دووەم:

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یا بڕیارێك ناکرێ گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێ.

مادەی سێیەم:

هەردوو وەزیرانی کشتوکاڵ و شارەوانی بۆیان هەیە ڕێنمایی پێویست دەربچوێنن هەر یەکە بەپێی تایبەتمەندیی خۆی بۆ ئاسانکردنی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

مادەی چوارەم:

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی پێنجەم:**

**ئەم یاســــــایە لە رۆژی بڵاوکردنەوەیـەوە لــە رۆژنامـەی فـەرمی (وەقـائیعی کوردســـتان) جێبەجێ دەکرێت.**

**مسعود بارزانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان–عێراق**

**هەولێر**

22/**سەرماوەز**/ 2707 **کوردی**

13/**کانوونی یەکەم** / 2007 **زایینی**

4 /**ذو الحجة**/ 1428 **کۆچی**